خوێندنی باڵای هەڵەبجە گرنگی زیاتر دەخرێتە سەر

هاوکار ئەنوەر

بڕیار وایە خوێندنی باڵا لە هەڵەبجە گرنگی زیاتر بدرێتێ، بەتایبەتی لە بواری خوێندنی زانستی و تەکنیکی، بەپێی ئەو بڕیارەی کە لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی ئەنجومەنی وەزیران لە هەڵەبجە بڕیاری لەسەر درا.

ئەو کۆبوونەوەیە لە ڕۆژی سێشەمە ١٢ی ئەم مانگەدا بەڕێوەچوو و تیایدا بڕیار درا کە ژمارەی قوتابیانی بەشی زانستی لە پەیمانگای تەکنیکی هەڵەبجە لە ساڵی خوێندنی داهاتوودا بگەیەنرێتە ٤٠٠ قوتابی، هەروەها بڕیار درا کە بەشی ئەندازیاری کارەبا لە پەیمانگای تەکنیکی هەڵەبجە بکرێتەوە.